# یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٥٦) - دوو شەممە ٢٠١١/٩/١٢ ز - ساڵی حەڤدەهەم

٢١ی (گەلاوێژ)ی٢٧١١ی کوردی- ١٤ی (شوال)ی ١٤٣٢ی کۆچی - نرخی (٥٠٠) دینارە



ماڵپەڕی (کوردیو) بەرەو پێشکەوتنی زیاتر هەنگاو دەنێت.. ل٤

رۆژانە نزیکەی (٢٠٠) هەزار کلیکی هەیە.. ل١١

دوای بڕیارەکان و دەست درێژیەکان بۆ سەر رۆژنامەنوسان، کۆبونەوەی پێنج قۆڵی بەکوێ دەگات؟ ٣





بەردەوامی بۆردومان و بەردەوامی بێدەنگی حکومەتی عێراق ٥





تاکەی (ئاو)ی کوردستان بۆ کەنداوی عەرەبو دەریاکان بێت؟! ٥





پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەرەو لاوازبوون دەچێت ٩




### لە وتارێکدا تایبەت بە نزیکبوونەوەی کۆنگرەی شەشەم

# ئەمینداری گشتی یەکگرتوو: یەکگرتوو پێویستی بە سەرنج و بیروبۆچوونەکانی هەموو لایەکە لە ناوەوەو دەرەوەی حیزب..

مامۆستا (سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین) ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەرگای وتوێژو راوبۆچوونەکان بۆ کادیرو ئەندام و دۆستانی یەکگرتوو، بۆ ئامادەکاری کۆنگرەی شەشەم دەکاتەوە، بەڕێزی لە میانەی وتارێکدا ئاماژە بەوە دەکات کە «یەکگرتوو وەکو هەر کائینێکی مرۆڤانە و خەڵکێکی خاوەن بەرپرسیاریەتی پێویستی بە سەرنج و بیروبۆچونەکانی هەموو لایەکە لە ناوەوەی حیزب و لە دەرەوەی حیزب، پێویستی بەوەیە کە لەمیانەی بۆچوون و سەرنجەکانتانەوە چاکترو جوانتر وێنەی خۆی ببینێ و پرۆسەی نوێبونەوەو بەخۆداچوونەوەو چاکسازی پێویست لە کۆنگرەدا ئەنجام بدات». هەروەها دەڵێت: «سەرکردایەتی و بەرپرسانی یەکگرتوو دەبێ بە سنگی فراوانەوە وەک دیاری و خەڵات ئەو سەرنج و بۆچوونانە وەرگرن و هەوڵی زۆرترین سود لێوەرگرتنیان بدەن و کۆنگرەکەیان بەو خەڵاتانە برازێننەوە»..

لە خوارەوە دەقی وتارەکەی بەڕێزیان بخوێنەرەوە.

### وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی:

## جگە لە پشتیوانی حکومەتی مالیکی هیچ تەحالفێکی سیاسی لە ئارادا نییە

**وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان رایدەگەیەنێ لە ئێستادا هیچ تەحالفاتێکی سیاسی لە ئارادا نییە لە نێوان کورد و لیستی عێراقییە، جگە لە پشتوانی کردنی حکومەتی ئێستای کابینەی نوری مالیکی.**

هەولێر، یەکگرتوو

(موئەید تەیب - وتەبێژی لیستی هاوپەیمانی کوردستان) لە لیدوانێکی بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو رایگەیاند: کە لە ئێستادا هیچ جموجوڵێک لە ئارادا نییە کە باس لە تەحالفێکی سیاسی بکرێت لە نێوان کوردو لیستی عێراقییە بۆ گۆڕینی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ئێستا بە تایبەتی کە باس لە کۆبوونەوەیەکی گرنگ لە نێوان ئەیاد عەلاوی و سەرۆک بارزانی دەکرێت هیچ شتێکی نوێ نییە جگە لە رێکەوتنی هەولێر نەبێ . دوای ئەوەی لە چەند رۆژی رابردوو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوە رایگەیاند کە ئێستا مەیلێکی تاکڕەوانە لە بەغدا هەیە، لەم بارەیەوە موئەید تەیب دەڵێ:» ئێمە رەخنەمان لە جێبەجێ نەکردنی رێکەتنامەی هەولێر هەیە، بەڵام هەر وەکو گوتم لە ئێستادا جگە لە پشتیوانی کردنی ئەم حکومەتە هیچ تەحالفێکی سیاسی لە ئارادا نییە، بەڵام رەخنەمان لە ئیلتیزام نەکردن بە دەستور و جێبەجێ نەکردنی بەندەکانی رێکەوتنامەی هەولێر کە بنەمایەکی سەرەکی ئەم حکومەتەیە، بەڵام جێبەجێ کردنی وەرقە (١٩) خاڵیەکەی کوردیش پێویستی بە کات هەیە ئەگەرچی لە وەرگرتنی پۆستەکان ئەو خاڵە جێبەجێ کراوە، بەڵام خاڵێکی زۆریش جێبەجێ نەکراوە».

### وەزارەتی پەروەردە:

## بە بیست کابینەی تریش کێشەی کەمی قوتابخانە چارەسەر ناکرێت

ئەمساڵ ژمارە قوتابیان گەیشتۆتە یەک ملیۆن و (٥٨٧) هەزار قوتابی بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پار (١٨٧) هەزار قوتابی زیادی کردووە.

(ئیسماعیل بەرزنجی ـ وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە) لە لیدوانێکدا بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو لەبارەی کەمی بینای قوتابخانەکان وتی:»لە ئێستادا (٣٠٠) پرۆژەی دروستی کردنی قوتابخانەیان لە ژێر دەستە و (٤٠) قوتابخانە تەواو بوون ئەوەی تریشی لە داهاتوودا تەواو دەکرێت». بەڵام وتیشی:» کێشەی کەمی قوتابخانەکان و ئەوەی کە هەر قوتابخانە و یەک دەوامی تێدا بکرێت تا بیست کابینەی تری حکومەت چارەسەر ناکرێت». لەبارەی دوو سیستەمی بۆ پۆلی دوانزە بەڕێز (بەرزنجی) وتی:» کە ئەمە کۆتایی هاتووەو کەوتۆتە سەر سکەی خۆی». وتیشی:» رێنمایەکان لە داهاتوویەکی نزیکدا بە هۆی راگەیاندنەوە رادەگەیەنرێت و ئاشکرا دەکرێت».


ل١١


## بەرەو کۆنگرەی شەشەم

سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین
ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

بێگومان هەر کەس و کۆمەڵ و پارت و رەوتێک لە ویستگەکانی ژیان و قۆناغەکانی کاریدا بە میکانیزمێکی دیاری کراو پێویستی بە هەڵوێستەکردن و بەخۆداچونەوەو هەڵوێست وەرگرتن و سەر لەنوێ داڕشتنەوەی پلان و بەرنامەی کار هەیە .. خۆشبەختانە و بەشانازییەوە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان هەمیشە پابەند بووە بە کاتی دیاری کراوی کۆنگرەکانی و هەوڵی بەرجەستەکردنی مەبەستە سەرەکەیەکانی کۆنگرەکانی داوە .. ئێستاش کەوا لە پێشوازی کۆنگرەی شەشەمی خۆیدایە و دەیەوێ بە پشتیوانی خوا کۆنگرەیەکی نەوعی سەرکەوتوو لە نیوەی یەکەمی ساڵی (٢٠١٢) دا ببەستێ، بۆیە هەر لە ئێستاوە سەرجەم دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان خەریکی ئامادەکاری پێویستن.

بەم بۆنە گرنگە مێژوویی یەوە دەمەوێ لە دەسپێکی هەڵمەتی راگەیاندنی بەرەو کۆنگرەی شەشەم و بۆ کۆکردنەوەی سەرنج و بیروبۆچوونەکانی ئەندام و کادرانی یەکگرتوو بە تایبەت و راوبۆچۆنی دۆست و لایەنگر و دڵسۆزانی حاڵەتی سیاسی کوردستان بە گشتی و یەکگرتوویش بەتایبەتی، هەروەها دید و سەرنجی گشت بەڕێزانی رۆشنبیر و بیریار و خاوەن سەرنج و سەلیقەدارەکانی گەلەکەمان. روو بەگشت ئەو بەڕێزانە دەخوازم بە سەرنج و بۆچونی خۆیان هاوکارمان بن بۆ پاراستنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان وەکو هێزێکی سیاسی کاریگەر لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و وەکو رەوتێکی فیکری و مەعریفی و وەکو نەهجێکی ئیصلاحخوازی میانەرەو و وەکو حزبێکی کوردستانی و عیراقی بەشداربوو لە دەوڵەتی عیراقی نوێدا، بێ گومان یەکگرتوو وەکو هەر کائینێکی مرۆڤانە و خەڵکێکی خاوەن بەرپرسیاریەتی پێویستی بە سەرنج و بیروبۆچوونەکانی هەموو لایەکە لە ناوەوەی حیزب و لە دەرەوەی حیزب. پێویستی بەوەیە کە لەمیانەی بۆچوون و سەرنجەکانتانەوە چاکتر و جوانتر وێنەی خۆی ببینێ و پرۆسەی نوێ بوونەوەو بەخۆداچونەوەو چاکسازی پێویست لە کۆنگرەدا ئەنجام بدا، جێگای سوپاس و رێزی تایبەتمانە دەبێ کە بێ پەردە و رۆشن و بەدوور لە پێچ و پەنا و لە دوو تویێ ئاداب و ئەدەبیاتێکی بابەتی و زانستیانەی دڵسۆزانەدا سەرنجەکانتان و پێشنیارەکانتان و رەخنەکانتان ئاراستە بکەن و لاپەڕەی رۆژنامەی یەکگرتوو دەبێ بواری تایبەت بۆ خستنەڕووی ئەو نووسینانە برەخسێنێ، دەزگاکانی تری راگەیاندنی یەکگرتوو بەرنامەی تایبەت بەم ئامانجە ئامادەبکا، هەروەها سەرکردایەتی و بەرپرسانی یەکگرتوو دەبێ بە سنگی فراوانەوە وەک دیاری و خەڵات ئەو سەرنج و بۆچوونانە وەرگرن و هەوڵی زۆرترین سود لێ وەرگرتنیان بدەن و کۆنگرەکەیان بەو خەڵاتانە برازێننەوە، هەروەک دەستەی ئامادەکاری کۆنگرە بەرپرسیارە لە کۆکردنەوە و ریزبەندی کردن و بەگەڕخستنی هەموو ئەو سەرنجانەی راستەوخۆ بۆی بێ یا لەرێگەی دەزگاکانی راگەیاندنەوە دەخرێتە روو.

ئەوانەمان وابزانین یەکگرتوو بێ هەڵەیە و هەموو گیانی ئیجابیاتە و حیزبی مەعسومەکانە لە هەڵەداین و دەبێ ئەو دیدە چاک بکەین تا لە رەخنە و سەرنجەکان سودمەندبین بەدژایەتی نەزانین. یەکگرتوو کۆمەڵە مرۆڤێکن لەم کۆمەڵگەیەدا دەژین و ئەگەری توشبوونی تەواوی دەرد و نەخۆشیەکانی ئەم کۆمەڵگەیەن هەیە، هەروەک ئەوانەشمان کە وابزانین یەکگرتوو کۆمایەکە لە سەلبیات و دواکەوتن و پاشکەوتن و رۆڵی تەواو بووە و لە مێژودا دەژی و قسە و پلانی ئایندەی پێ نیە و لەسەر زیادەیە .. هتد ، ئەوانەشمان لە هەڵەداین، چونکە تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵی یەکگرتوو توانیویەتی کادری چاک و کاری جوان و ئەزموونی باش بەرهەم بهێنێ و رۆڵێکی نموونەیی لە چەند بواردا بگێڕێ، بەڵام دەبێ خەبات و کۆشش بۆ باشتربوون و کاریگەرتر بوونی بکرێ.


ل٢



